# هایکۆ هۆنراوە

**I**

**هێڵی کارەبا**

**گرژ، لە وڵاتی سەرمادا**

**باکوری گشت موزیک**

*****

**ئەم خۆرە سپییە**

**بە تەنیا لە غاردانە**

**دژ مەرگی شین کێو**

*****

**ئێمە دەبێ بژین**

**لەگەڵ وردەنوسی مێرگ**

**بزەی ژێزەوی**

**II**

**٨٣**

**پڕشنگ ئێستا نەوییە**

**سێبەرەکانمان دێون**

**گشت شت سێبەرە**

*****

**گوڵی ئۆرکیدە**

**پاپۆڕی نەوتبەر دەخزن**

**مانگەشەو تەواو**

*

**کۆشکی دەم دێرین**

**شاری نامۆی ئاپۆلۆ**

**مەیدانی خاڵی**

*

**گەڵای بە چپە دوو**

**بەرازێکی سوڕناژەن**

**دەم ژمێر لێ ئەدەن**

*

**III**

٨٦

**خوڕەی شەوانە**

**ڕۆژهەڵات، تا ڕۆژئاوا**

**تیژ ڕۆیی مانگیش**

*

**جووتێک باریک باڵ**

**ئاوێتەی یەک، لێکهاڵاو**

**تیژڕەو تێپەڕین**

*

**حازر بوونی خوا**

ئاوازی مەل لە تونێلدا

درگای کپ کراوە

*

IV

٨٥

داربەڕوو و مانگ

ڕۆشنی وێنەی ئستێرە

دەریاێکی سارد

*

تۆپێن پێکەوە

لەناکاو سەرلێشێوان

ئاستەنگی هەڵفڕی

*

قیژە قیژیانە

دەخوازن کات بترسێنن

بۆ نێو لوشەلوش

*

V

٨٨

هەڵەی هیجی ژیان

جوانی بەردەوامە

تاتو سڕینەوە

*

ئەودەمی گیرا

باری دزی بەکۆڵەوە

گیرفان تژی کارگ

*

گرمەی کارگەکان

هەنگاوی شەوە پاسەوان

دارستان خامۆش

*

گرێژەنە دەسووڕێ

حەوشەی نەخۆشخانە تژی

وەرزێکی نوێیە

*

چرای دیوار ئەگرێ

شەوفڕکەێک دەبینی

ڕۆشنایی نەسروشتی

*

شەو،بارێکی درێژ

خەونی بەدییەکان چۆنە

لەرزۆک خەونێکە

*

کوڕ شیر دەنۆشێ

**ئەرخەیان بۆی دەخەوێ**

**دایکێ سەختو وشک**

*****

ڕەحمانی سۆفی      ٢٨,٠٤,٢٠١٨      سوئێد